دیمانە: کارزان کانەبی

## کانیاو یاسین:

# گەورەترین کێشە نەبوونی یاریگای تایبەت و پێداویستیەکانە لەیاریی گـــۆڕەپان و مەیدان

■ یەکێك لەیاریزانە هەرە بەتواناکانی عێراق و یەکێکە لەو یاریزانە کوردانەی کە توانیویەتی جێ پەنجەی لەگەڵ یانەکەی دیاربێت لەپاڵەوانێتیەکانی دەرەوە لەیاری هاویشتنی قورسیای رم و قورس، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٦ی شاری سلێمانیە و لەهەمان کاتیشدا لەیانەی پێشمەرگەی سلێمانی یاری دەکات، قوتابی پەیمانگای وەرزشیە لەقۆناغی یەکەم، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ئەنجامدا.■



***چۆن بوو، هاتیە نێو دنیای یاری گۆڕەپان و مەیدان؟**

-من خـــۆم ئارەزوویەکی زۆرم هەبوو لەوەرزش کردن و خۆشبەختانە توانیم خۆمی لێ بدۆزمەوە، بۆیە یاری هاوێشتنی قورسایم هەڵبژارد.

*** ئاســتی یاری گۆڕەپــان و مەیدان چۆن دەبینی لەکوردستان؟**

-ئاســتی ئەم یارییە لە کو ر د ســتا ن لەپێشکەوتندایە، زۆربەی یانەکانی کو ر د ســتا نیش گرنگی باشــی پێدەدەن لەسەر ئاستی شارەکانی کوردستان.

***ئەی ئاستی ئەم یارییــە لەســلێمانی لەچ ئاستێکە؟**

-شــاری ســلێمانی بە د ا یکــی یارییەکانــی گۆڕەپــان و مەیــدان هەژماردەکرێــت، چونکە ســاڵانە ژمارەیەکــی زۆر لەیاریزانانی بەتوانا لەم شــارە لەئاســتی کوڕان وکچان بەدیار دەکەون، ئەوەش ئاماژەیە بۆپێشکەوتن و گرنگی زیاتری وەرزشی گۆڕەپان و مەیدان لەم شارە.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لەکوردستان؟**

- پێم باشــە لەهەموو شــارێك یاریگایەکی تایبەت هەبێت بەیارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان، یانەکانیش گرنگی بەتواناکانی ئاستەکانی تەمەن بچووك بدەن، پاڵەوانێتی زیاتر بکرێتەوە بۆئەوەی ئاستی ئەم یارییە زیاتر پێشبکەوێت.

***ئەنجامە باشــەکانت چین وەکو یاریزان؟**

-چەندیــن ئەنجامی باشم بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی کوردستان.

***کێشەو گرفتان چییە لەم یارییە؟**

-ئێمە لەیانەی پێشمەرگەی سلێمانی هیچ کێشــەیەکمان نییە کە تایبەت بێت بەخۆمان، بەڵام یانە هەیە کێشــەی یاریگاو پێداویستیان هەیە، پێویستە بۆئەمانیش کێشەکانیان چارەسەر بکرێت. پێویستیشــە کە پێداویستی تایبەتیمان لە ڕم و پێداویســتیەکانی تــر بۆدابین بکرێت باشترە.

***خانەوادەکەت ڕێگریت لێ ناکەن لەوەرزش کردنت؟**

-هیچ کات ڕێگرییان لێم نەکردووە لەوەرزش کــردن بگرە زۆریــش هــاوکارم بووینە، ئەوان هۆکاربوونە بۆپێشکەوتنی ئاستم.

*** هیواو ئاواتت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامێکی شایستە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەست بهێنم و ڕێکۆردێکی نوێ بەناوی خۆم تۆمار بکەم.

***یانەی پێشمەرگەی سلێمانی هاوکاریتان دەکەن؟**

-بەڵــێ سوپاســیان دەکەیــن، کەهاوکاری بەردەوامی ئێمە ئەوانن، تەواوی پێداویستیەکانیان بۆمان دابین کردووە.

***لەهەڵبژاردەی عێراق داواکرابووی؟**

-بەڵێ بەڵام وازم هێنا، نەمتوانی بەشــداربم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق.

*** بیرت لەوە نەکرۆدتەوە یانەی پێشــمەرگە جێبهێڵیت؟**

-نەخێر، چونکــە یانەی پێشــمەرگە زۆر هــاوکاری ئێمــەی کــردووە ئــەوان ئێمەیان پێگەیاندووە، بەهیوای ئەوەم لەگەڵ ئەم یانەیە ئەنجامی باشتریش بەدەست بهێنم.

***ئەگەر شتێکت ماوە؟**

-ســوپاس بۆگۆڤاری گوڵانی خۆشەویست بەهیــوای ئــەوەم گرنگی زیاتر بەئاســت و تواناکانی وەرزشکارە ئافرەتەکان بدات.

# بردنەوەی پێشمەرگەی سلێمانی لەکوڕان وکچان

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تێنسی سەرمێزی کوردستان و بەهاوکاری لقی دهۆکی یەکێتیەکە لەشاری دهۆك لەهۆڵی یانەی دهۆك قۆناغی یەکەمی هەردوو خولی تۆپی سەرمێزی کوڕان و کچانی یانەکانی کوردستان بۆئاستی یانە پلە نایابەکان بەڕێوەچوو، لەپاڵەوانێتیەکەشدا لەئاستی کوڕان هەریەك لەیانەکانی (سلێمانی، پێشمەرگەی سلێمانی، برایەتی، ئەکاد، قەلا، سیروانی نوێ، هەڵەبجە، ئاشتی، دهۆك، سۆلاڤ) لەئاستی کچانیش هەریەك لەیانەکانی (ئەکاد، برایەتی، ئاکرێ، دهۆك، شەقلاوە، پێشمەرگەی سلێمانی، سەرچنار، ئافرۆدێت، سەنحاریب، زێرەڤانی، ئامێدی، کەرکوك، کەیوان، فەتاتی کەرکوك)بەشداربوون، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری بەهێز لەنێوان یاریزانانی تیپە بەشداربووەکان کە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند، ئەنجامی کۆتایی بەم شێوەیەی خوارەوەبوو.

ئاستی کوڕان

١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی

٢-یانەی برایەتی

٣-یانەی سلێمانی

ئاستی کچان

١-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی

٢-یانەی شەقڵاوە

٣-یانەی دهۆك

٣-یانەی ئافرۆدێت





# سبەی پاڵەوانێتی زۆرانبازی یانەکانی کوردستان ئەنجام دەدرێت

وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی و بەمەبەستی زیاتر خزمەتکردنی یاری زۆرانبازی لەشارەکانی کوردستان، یەکێتی زۆرانبازی کوردستان بڕیارە سبەی سێشەممە لەهۆڵی یانەی ئارارات لەهاوینەهەواری پیرمام پاڵەوانێتی زۆرانبازی یانەکانی کوردستان لەهەردوو جۆری سەربەست و ڕۆمانی لەئاستی پێشکەوتوان ئەنجام بدرێت، لەم بارەشەوە یەکێتی ناوەندی زۆرانبازی کوردستانیش ئامادەکاری باشی کردووە بۆسەرکەوتنی ئەم پاڵەوانێتیە کە ماوەی سێ ڕۆژ دەخایەنێ و پێشبینی دەکرێت ڕێژەیەکی زۆر لەیانەکانی شارەکانی کوردستان بەشداری لەم پاڵەوانێتیە بکەن. جێگای ئاماژە پێکردنە شارەکانی کوردستان گرنگی زۆر بەیاری زۆرانبازی دەدەن لەسەر ئاستی یانەکانی عێراق.

# پاڵەوانێتی پاسکیل سواری یانەکانی کوردستان ئەنجامدرا



بەسەرپەرشتی یەکێتی پاسکیل سواری کوردستان و بەهاوکاری لقی دهۆکی یەکێتی پاسکیل سواری و بە بەشداری ١٥یانەی هەریەك لەیانەکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و کەرکوك، لەشاری دهۆك لەسەر ڕێگای شێخان —دهۆك پاڵەوانێتی پاسکیل سواری یانەکانی کوردستان بۆماوەی دوو ڕۆژ بۆهەردوو ئاستی کوڕان و کچان بەڕێوەچوو، لەپاڵەوانێتیەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و ئەنجامی کۆتاییش بەمشێوەیەی خوارەوەبوو.

ئاستی کچان

١-برایەتی

٢-نەورۆز

٢-دووکان

ئاستی کوڕان

١-هەولێر

٢-سۆلاڤ

٣-برایەتی

# پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن. مێژوویێکی پڕشنگدار بۆ فیدرەر



لە شاری لەندەن یارییەکانی پاڵەوانییەتی ویمبلدۆن ٢٠١٢ لە یاری تێنسی سەر زەوی سێیەمین پاڵەوانییەتی گراند سلام کۆتایی هات و هەردوو ئەستێرەی سویسری رۆجەر فیدرەر لەسەر ئاستی پیاوان و کچە ئەستێرەی ئەمریکی سیرینا ویایامز لەسەر ئاستی کچان نازناوەکەیان بەدەست هێنا، لە یاری کۆتایی ئافرەتاندا کچە یاریزانی ئەمریکی سیرینا ویلیامز بۆ جاری پێنجەم نازناوەکەی بەدەست هێنا دوای ئەوەی توانی لە کچە یاریزانی پۆلەندی ئەنیسکا رادڤەنیسکا بباتەوە بە ئەنجامی دوو کۆمەڵە بەرامبەر بە کۆمەڵەیەك، ئەنجامی کۆمەڵەکان ( ٦*١، ٥*٧، ٦*٢ ) بوو بۆ سیرینا ویلیامز، سیرینا بەم سەرکەوتنە گەیشتە پلەی چوارەمی ریزبەندی باشترین کچە یاریزانانی جیهان بە کۆکرنەوەی ٧٣٦٠ خاڵ و سەرەرای دۆراندنی رادڤەنیسکا گەیشتە پلەی دووەمی جیهان بە کۆکردنەوەی ٨٥٣٠ خاڵ .

لە یاری کۆتایی پیاواندا، یاریزانی سویسری رۆجەر فیدرەر رووبەرووی یاریزانی بەریتانی ئەندی مۆرای بۆوە کە بە هیوای ئەوە بوو ببێتە یەکەم یاریزانی بەریتانی لە ماوەی ٧٦ ساڵدا ئەم نازناوە بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەستێرەی سویسری مێژوویێکی پڕشنگداری تۆمار کرد و بۆ جاری حەوتەم نازناوەکەی بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە ئەنجامی سێ کۆمەڵە بەرامبەر بە کۆمەڵەیەك لە ئەندی مۆرای بردەوە، ئەنجامی کۆمەڵەکان ( ٤*٦، ٧*٥، ٦*٣، ٦*٤ ) بوو لە بەرژەوەندی فیدرەر، بەم دەسکەوتە فیدرەر ١٧ مین نازناوی گراند سلامی بەدەست

## دیدی دیشامبی راهێنەری داهاتووی هەڵبژاردەی فەرەنسا گەشبینە

یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا بە فەرمی راهێنەری تازەی هەڵبژاردەی فەرەنسا دیدی دیشامبی پێشەکەش بە دەزگاکانی راگەیاندن کرد بۆ ئەوەی شوێنی راهێنەری پێشوو لۆران بلان بگرێتەوە کە لەدوای تەواو بوونی یارییەکانی یۆرۆی ٢٠١٢ وازی لە ئەرکەکەی هێنا، دیشامبی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا گەشبینی خۆی بە داهاتووی هەڵبژاردەی وڵاتەکەی دەربڕی و رایگەیاند کە ئەرکی سەرەکی گەیاندی هەڵبژاردەی کەڵەشێرەکانە بۆ مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤، لە هەمان کاتدا ئاگاداری یاریزانەکانی کردەوە کە درێسی هەڵبژاردەی فەرەنسا شەرەفێکی گەورەیە بۆ هەر یاریزانێك کە بەرگری لێدەکات و گوتی : من هەرەشە لە هیچ یاریزانێك ناکەم، من متمانەم بە هەموو یاریزانێك هەیە، بەڵام ئێستا تۆپی پێی فەرەنسا لە بارودۆخێکدایە کە هەڵە لە لایەن یاریزانەکان قەدەغەیە.



دیشامبی ئەوەشی راگەیاند کە چاوەڕێی بڕیارەکانی لیژنەی سزاکان دەکات دەربارەی ئەو چوار یاریزانەی کە لە ژێر لێپرسینەوەدان بە هۆی هەڵسوکەوتیان لە یارییەکانی یۆرۆدا کە بریتی بوون لە یاریزانان سەمیر نەسری و جیریمی مینیز و یان مفێلا و حاتم بن عەرەفە، دەربارەی پابەندبوونی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی فەرەنسا دیشامبی گوتی : ئەگەر هەر یاریزانێك بۆ هەڵبژاردەی فەرەنسا یاری بکات ئەوە شەرەفێکی گەورەیە جا یەك یاری ئەنجام دابێت یان ٥٠ یاری، ئەوانە ئەرکیان لەسەر شانە و پێویستە پابەندبن بە رێنماییەکان بۆ ئەوەی نمونە بن بۆ یاریزانەکانی دیکە.

لە کۆتاییدا دیشامبی گوتی: من یاریزانەکان هەڵدەبژێرم پێش هەفتەیەك لە ئەنجامدانی یاریە دۆستانەکەمان بەرامبەر هەڵبژاردەی ئۆرگوای لە ١٥ی مانگی ئابی داهاتوو.

## ریال مەدرید پێنج یاری دۆستانە ئەنجام دەدات

یانەی ریال مەدرید پاڵەوانی خولی ئیسپانیا خشتەی یارییە دۆستانەکانی ئاشکراکرد وەك قۆناغی خۆئامادەکردن پێش دەستپێکردنی وەرزی تازەی لالیگا، یانەی شاهانە پێنج یاری دۆستانە ئەنجام دەدات کە زۆربەیان لە وڵاتی ئەمریکایە، یەکەم یاری لە رۆژی ٢٠١٢/٧/٢٧ دەبێت بەرامبەر یانەی بەنفیکای پورتوگالی لە شاری لیشبۆنە، دواتر یانەی ریال مەدرید بەرەو وڵاتی ئەمریکا بەرێ دەکەوێت بۆ سازدانی ئۆردوگایەکی مەشق و راهێنان . لە ئەمریکا یانەی ریال مەدرید لە شاری کالیفۆرنیا رووبەرووی یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسی ئەمریکی دەبێتەوە لە رۆژی ٢٠١٢/٨/٢، دواتر یانەی ریال مەدرید بەرامبەر یانەی سانتۆس لاگۆنای مەکسیکی یاری دەکات لە رۆژی ٢٠١٢/٨/٥ لە شاری لاس فیگاس و لە رۆژی ٢٠١٢/٨/٨ لە یاریگای یانکی لە شاری نیۆیۆرك هەردوو یانەی ریال مەدرید و ئەی سی میلانی ئیتالی لە یارییەکی لوتکە بەیەك دەگەن، دوا یاریش لە رۆژی ٢٠١٢/٨/١١ دەبێت لە بەرامبەر یانەی گلاسکۆ سیلتکی ئوسکوتلەندی لە شاری فیلادیڤیا . لە دوای تەواو بوونی ئەم یارییانە یانەی ریال مەدرید دوو یاری کلاسیکۆ بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە ئەنجام دەدات لە سەر جامی سوپەری ئیسپانی یەکەمیان لە یاریگای کامپ نو لە رۆژی ٢٠١٢/٨/٢٢، دووەمیان لە یاریگای سانتیاگۆ بەرنابیۆ لە رۆژی ٢٠١٢/٨/٢٩ . شایانی باسە یاریزانانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا ئیکەر کاسیاس و سێرجیۆ رامۆس و زاڤی ئەلۆنزۆ و ئەلڤارۆ ئەربیلوا و رائول ئەلبیۆل بەشداری لەم یارییانە ناکەن چونکە راهێنەر جۆزی مۆرینهۆ پشووی زیاتری پێداون دوای ئەوەی نازناوی یۆرۆی ٢٠١٢ یان بەدەست هێنا .



## ـــــدرەر و سیرینا



**هێنا کە ژمارەیەکی پێوانەییە، هەروەها فیدرەر بەم سەرکەوتنە گەڕایەوە پلەی یەکەمی باشترین یاریزانانی جیهان بە کۆکردنەوەی ١١٠٧٥ خاڵ، لـەو کاتەی مۆرای لە پلەی چوارەم مایـەوە بە کۆکردنەوەی ٧٤٦٠ خاڵ، هەردوو یاریزان ڕۆجەر فیدرەر و سیرینا ویلیامز خەڵاتی یەکەمیان وەرگرت کە بریتی بوو لە یەك ملیۆن یۆرۆ.**

# سیدۆ کیتا :
# یانەی بەرشلۆنە لە بیر ناکەم

یاریزانی هەڵبژاردەی مالی سیدۆ کیتا بووە یەکەم یاریزان یانەی بەرشلۆنە بەجێدەهێڵێت لە هاوینی ٢٠١٢، لە دوای چوار سـاڵ یاریکردن لە یانەی بەرشلۆنە وبەدەستهێنانی ١٤ نازناو یاریزان سیدۆ کیتا بڕیاریدا کۆتایی بە بۆندەکەی بهێنێت و پەیوەندی بە یانەی دالیانی چینی بکات، سـەرۆکی یانەی بەرشـلۆنە ساندرۆ ڕۆسیل سوپاسی سـیدۆ کیتای کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە ژیانی وەرزشی داهاتوویدا، لەلایەن خۆیەوە سیدۆ کیتا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی لیکیبی فەرەنسـی گوتی : بە هیچ شێوەیەك یانەی بەرشلۆنە لەبیر ناکەم و ئەو کاتانەم هەردەم لە یاد دەبێت کە لە ناو یاریگای کامپ نو یارییم دەکرد .

دەربارەی هۆکاری ڕۆیشـتنی لە یانەی بەرشلۆنە، سیدۆ کیتا گوتی : تەنها پارە هۆکار نەبووە لە بڕیاری ڕۆیشـتنم، بەڵکو من بە هیوای ئەوەم نازناوی زیاتر لەکەش و هەوایەکی دیکە بەدەست بهێنم .

بـە پێی ڕاپۆرتە هەواڵەکان بۆندی یاریزان سـیدۆ کیتا لەگەڵ یانەی دالیان دەگاتە ١٤ ملیۆن یۆرۆ .



# فێرگسۆن بە ڕۆیشتنی
# درۆگبا خۆشحاڵە

سـێر ئەلێکس فێرگسـۆن ڕاهێنەری یانەی مانچستەر یونایتد دووەمی خولی ئینگلنەرا خۆشـحاڵی خۆی دەربڕی بە ڕۆیشتنی یاریزان دیدی درۆگبا لە یانەی چێلسی و پەیوەندیکردنی بە یانەی شەنگەهای شـینهوا لە خولی چین، فێرگسۆن لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامـەی (زە بیبۆل)ی ئینگلیزی گوتی : من بە ڕاشـکاوانە دەڵێم ڕۆیشـتنی یاریزان درۆگبا لە یانەی چێلسی هەواڵێکی زۆر دڵخۆشـکەر بوو بۆ ئێمە چونکە سەرچاوەی مەترسی یانەی بلوز بوو، گۆڵێکی زۆر جوانی لە یاری کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکان لە بەرامبـەر یانەی بایرەن میونیخ تۆمارکـرد، بە بۆچوونی من درۆگبا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە بەدەست هێنانی نازناوەکە .

فێرگسـۆن لە درێژەی لێدوانەکەیدا ستایشـی ئاسـتی یاریزان درۆگبا کرد و لەهەمان کاتدا گومانی لە توانای یانەی چێلسـی کرد کە بتوانێت بەردەوام بێت لە ململانێکردن لەسـەر نازناوەکان لە دوای ڕۆیشتنی یاریزان درۆگبای تەمەن ٣٤ساڵ کە بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی یانەی چێلسی وەسفکرد .

شایانی باسە یاریزان دیدی درۆگبا بۆ مـاوەی ٨ وەرز لەگەڵ یانەی چێلسـی یاری کردووە و سـێ جار نازنـاوی خولی ئینگلتەرا و جارێکیش نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپای بەدەست هێناوە .



# پاڵەوانی کوردستان گەشتێکی بۆ وڵاتی پـ




کۆمپانیای "NIM" بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێل و بریکاری سەرەکیی لۆگۆی بازرگانیی کیا لەهەرێمی کوردستان، پاڵەوانێتیی فوتساڵی بۆ تیپە میللییەکان لەهەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٢ بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهێنا، بە بردنەوەی تیپی «چیا» کە نازناوەکەی لەنێوان ٥٢تیپ لەهەولێر و سلێمانی و دهۆك بەدەست هێنا و بەم شێوەیە بووە پاڵەوانی خولەکە و پاڵەوانی فەرمیی هەرێمی کوردستان بۆ تۆپی پێ.

بۆ ڕێزلێنان لەتیپی «چیا»ی براوە، کۆمپانیای "NIM"لەسەر ئەرکی خۆی شەش ئەندامی تیپەکەی برد بۆ سەیرکردنی یاریی پێش کۆتایی پاڵەوانێتیی نەتەوەکانی ئەورووپای ٢٠١٢ کە لەنێوان هەردوو هەڵبژاردەی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بوو و پۆڵەندە میوانداریی کرد لەسەر یاریگەی



## دەروازەی ڕاپەرین و جیهان دابەزینە خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی باڵە

یەکێتی تۆپی باڵەی کوردستان خولێکی بۆ ئەو یانانە کردەوە کە ڕکابەری لەسەر مانەوەیان لەخولی بژاردەی کوردستان دەکەن، کە لەشەش یانە پێکهاتبوون، ئەوانیش هەریەکە لەیانەکانی (سۆلاف، ئەکاد، دەروازەی ڕاپەرین، هێرش، شەقڵاوە، جیهان) دوای ڕکابەرییەکی حەفت ڕۆژی، کە گشت یارییەکان لەهۆڵی داخراوی یانەی ئەکاد بەڕێوەچوو، بەفەرمی هەردوو یانەی جیهان و دەروازەی ڕاپەرین دابەزینە خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی باڵە لەوەرزی داهاتوو. جێگەی باسە یارییەکانی خولی بژاردەی کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی پاڵەوانی کوردستان درێژەی هەیە.

# بەحرکە بووە پاڵەوانی تایکواندۆی ناوەندە وەرزشییەکانی پارێزگای هەولێر

هەفتەی ڕابردوو لەپارکی منارە، پاڵەوانێتی تایکواندۆی ناوەندە وەرزشیەکانی سنووری پارێزگای هەولێر ئەنجام درا.

ئەم پاڵەوانێتیە ماوەی (٢) ڕۆژی خایاند و (٩) ناوەندی وەرزشی سنووری پارێزگای هەولێر بەشداریان تێدا کرد، کە تیایدا ناوەندی وەرزش و لاوانی بەحرکە پلەی یەکەمی و ناوەندی وەرزش و لاوانی بنەسڵاوە پلەی دووەمی بەدەستهێنا.

بەڕێوەبەری وەرزش و لاوانی هەولێر (تاهیر سابیر) لەلێدوانێکیدا گوتی: ئەمساڵ خۆشبەختانە پاڵەوانێتی تایکواندۆی ناوەندە وەرزشییەکان بەسەرکەوتوویی ئەنجامدرا و ئاستی ناوبژیوانان تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوو، پێش دەستپێکردنی پاڵەوانیەتیەکە چەند ڕێنماییەکمان دەرهێنا بۆ ئەوەی سەرجەم ناوەندەکان پابەندی ڕێنماییەکان بن، بەڵام مەسەلەی یاری پێکردنی یاریزانانی دەرەوەی ناوەندەکان بۆ ناوەندە وەرزشییەکانی خۆیان، بەپێی ئەو نارەزاییانەی کە لەلایەن ڕاهێنەرەکان پێشکەش بەلیژنەی سەرپەرشتی پاڵەوانیەتیەکە دەکرێت، بەپێچەوانەوە هەر شتێك لەمبارەیەوە بۆ لیژنەکە دووپات ببێتەوە کە ناوەندە وەرزشییەکان یاریزانی دەرەکییان هێناوە، ئەوا بەپێی یاساو ڕێنامییەکان سزا دەدرێن.

جێگەی باسە هەریەکە لەناوەندەکانی (هەولێر، عەنکاوە، دارەتوو، بنەسڵاوە، بەحرکە، سۆران، ڕواندز، قوشتەپە، خەبات) بەشداریان تێدا کردبوو.



## ـــــــــۆڵەندە ئـەنجام دا

نیشـــتمانی، ئەمـــە جگە لەوەی کـــە خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێ بەخشرا بۆ ئەو ئاستە بەرزەی کە لەخولەکەدا پێشکەشـــیان کرد و سەری تیپەکەیان بەرز کردەوە.

بـــەم بۆنەیـــەوە نیهـــاد زەکەریا ســـەرۆکی کۆمپانیای "NIM" بۆ بازرگانیی ئۆتۆمبێل، بریکاری باوەڕپێکراوی کیا لەکوردستانی عێراق خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەو سەرکەوتنەی کە چالاکییەکانـــی خولەکە بەخۆیـــەوە بینی و بووە مایەی سەرنجڕاکێشان لەسەرەتاوە تاکو ئاهەنگی کۆتایـــی، هەروەهـــا ئامـــاژەی بەئامادەبوونی بەرچـــاوی جەماوەر کرد لەخولەکـــەدا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێکخســـتنی پاڵەوانێتییەکە سەرکەوتوو بوو لەبوارەکانی بەڕێوەبردن و هونەری و دادوەری و ئەوانی دیکە.

لەلایەکی دیکەوە زانا حەســـەن سادق یەکێك لەیاریزانانی تیپی چیا گوتی: زۆر خۆشحاڵ بووین بەو گەشـــتەی کردمان بـــۆ پۆڵەندە و لەوەش خۆشتر ئەوە بوو کە ئامادەی یارییەکی گەورە بووین لەئاســـتی هـــەردوو هەڵبژاردەی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا، هەروەها سوپاســـی خۆمان ئاراســـتەی کۆمپانیای "NIM" کرد کە ئەم هەلەی بۆ پاڵەوانی کوردســـتان ڕەخساند تاکو سەردانی وڵاتێکی ئەورووپی بکات.

بەهەمان شێوە یاد کەمال یاریزانێکی دیکەی هەمـــان تیپ ڕایگەیاند، خەونـــم بەوە دەبینی ئامادەی یارییەکی لەو جۆرە ببم بەتایبەتی کە سەرجەم ئەســـتێرەکانی جیهانی لەخۆ گرتووە. سوپاســـی کۆمپانیای "NIM" دەکەم و داوا دەکـــەم ئەم جـــۆرە پاڵەوانێتییـــە بکاتە کاری ســـاڵانەی، تاکو ململانێ لەنێـــوان تیپەکانی کوردستان بەهێزتر ببێت.

## هەولێر دەستبەرداری چەند یاریزانێک دەبێت

دوای ئەوەی یانـــەی هەولێر لەوەرزی ڕابردوو توانـــی پلەی یەکەمی خولی نایابی کوردســـتان بەدەستبهێنێت، لەگەڵ تەواوبوونی خولەکە چەند یاریزانێکی یانەکە داوای وەرگرتنەوەی استغنایان لەیانـــەی هەولێر کـــرد، لەلێدوانێکـــی تایبەتدا ســـەمیر بابۆ ڕاهێنەری تیپـــی دووەمی یانەی هەولێر گوتـــی: چەند یاریزانێك بەفەرمی داوای ڕۆیشتنیان لەیانەی هەولێر کرد بۆئەوەی لەڕیزی یانەکانی تری کوردستان یاری بکەن، ئێمەش وەکو ستافی ڕاهێنەرانی یانەکە بڕیارمان دا بەفەرمی دەستبەرداری ئەم یاریزانانە ببین، دەستبەرداربوون لـــەم یاریزانانە مانای ئەوە نییە ئاســـتیان نزمە، بەپێچەوانەوە هەموویان یاریزانی ئاســـت بەرزن و دەتوانن لەیانەکانی تری کوردستان شوێنی خۆیان لەپێکهاتەی سەرەکی تیپەکە بکەنەوە.

ئەمەش ئـــەو یاریزانانەیە کـــە یانەی هەولێر بەفەرمی دەستبەرداری بوون:

١-ئەمیـــر ئیســـماعیل چووە ڕیـــزی یانەی بروسك

٢-توانا زوبێر چووە ڕیزی یانەی بروسك

٣- دڵشاد ئەحمەد چووە ڕیزی یانەی ئاڵا

٤- سەلام ئەحمەد

٥- هاوڕێ زەیتۆ

٦- ئاسۆ یەحیا

لەدرێژەی قسەکانیدا ســـەمیر بابۆ گوتی: تا ئێســـتا تەنیا یەك یاریزانم لەتیپی لاوانی یانەی هەولێر بۆ تیپـــی دووەمی یانەکە سەرخســـتووە ئەویش یاریزان کرمانج قادر-ە و لەڕۆژانی داهاتوو بەفەرمی ناوی ئەو یاریزانانە ئاشکرا دەکەین، کە پێوەندییان بەیانەی هەولێر کردووە.





## کوڕانی خانەقین و کچانی پێشمەرگەی هەولێر بوونە پاڵەوانی یانەکانی کوردستان بۆ گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی لاوان

هەفتەی ڕابردوو لەشاری دهۆك پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی یانەکانی کوردستان لەسەر ئاســـتی لاوان بۆ کوڕان و کچان بەڕێوەچوو، لەم پاڵەوانێتیەدا لەسەر ئاستی کوڕان ١٣ یانە بەشـــداریان کرد و لەســـەر ئاستی کچان ١٠ یانە بەشداریان کردبوو دوای ڕکابەرییەکی زۆر لەنێوان یانە بەشداربووەکان کوڕانی خانەقین و کچانی پێشـــمەرگەی هەولێر توانیان نازناوی پاڵەوانێتیەکە بۆخۆیان مسۆگەر بکەن، ئەمەش ڕیزبەندی پاڵەوانێتیەکەیە.

لەسەر ئاستی کوڕان

١-خانەقین ١٢٠ خاڵ.

٢-دهۆك ١١٠ خاڵ.

٣-سەورە ٩٥ خاڵ.

٤-پێشمەرگەی سلێمانی ٩٢ خاڵ.

٥- سیمێڵ ٦٢ خاڵ.

لەسەر ئاستی کچان

١-پێشمەرگەی هەولێر ١٤٠ خاڵ.

٢- پێشمەرگەی سلێمانی ١١٤ خاڵ.

٣- زاخۆ ١٠٢ خاڵ.

٤- هەولێر ٩٧ خاڵ.

جێگەی باسە یانە بەشـــداربووەکان لەسەر ئاســـتی کوڕان بریتی بوون لە(پێشمەرگەی سلێمانی، دهۆك، ســـەورە، خانەقین، سێمێڵ، کفری، بەردەڕەش، ســـیروانی نوێ، تلکیف، شێروانە، شێخان، خاك، لەیلان).

لەســـەر ئاســـتی کچان (زاخـــۆ، هەولێر، پێشمەرگەی سلێمانی، پێشمەرگەی هەولێر، شێروانە، بەردەڕەش، سەورە، کیوان، خانەقین، فەتات کەرکوك).